## بڕینی یارمەتی و پشتگیری ڕۆژنامە سەربەخۆکان لێدانی ئازادی دەربڕینە

**شاخەوان شۆڕش**
26.09.2007

**دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە یارمەتی و پشتگیری ڕۆژنامە سەربەخۆکان ببڕێت، چونکە پێیوایە ئەو ڕۆژنامانە دەبێ خۆیان بژێوی خۆیان پەیدا بکەن. دەسەلات ئەوە بە ئەرکی خۆی نازانێت و بە خەرجیەکی زۆری دادەنێت. جێبەجێکاری (حکومەت) هەرێم ناڵێت ڕۆژنامەی سەربەخۆ نابێ هەبێت، بەلام دەڵێ دەبێ خۆیان خۆیان بژێینن. هەروەکو ئەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەکرێ نمونەی هەبێت. بەڵام بابزانین حکومەتی کوردستان چەند بە تەنگ ئازادی و ئازادی دەربڕینە، هەروەها ئایا ئەو ڕۆژنامە سەربەخۆیانە بۆ پێویستن؟**

**لە لایەکیتر بەپێی گۆتنەکان ساختەکاریی لە یارمەتیدانی ڕۆژنامەی سەربەخۆ لە لایەن خەڵکێکەوە کراوە و ئەوەش وەکو هۆکارێکی ئەو بڕیارە واپێدەچێ بەکار هاتووە. سەبارەت بە خراپبەکارهێنانی یارمەتی لە لایەن خەڵکی گەندەڵەوە، ئەو دیاردەیە تەنها کاتێک دەکرێت گەشە بکات ئەگەر خودی دەسەلات لە گەندەڵیەکەدا بەشدار بێت. دیارە دەسەڵات نوقمی گەندەڵییە و ئەو بوارەش لە گەندەلیی دەسەڵات بێبەش نییە. بوونی ئەو دیاردەیە بەرپرسیاریەکەی بەر لە هەر کەسێک لەسەر ئەو دەسەلاتەیە کە بڕیاری بڕینی یارمەتی داوە. خەڵکە باشەکە کە بە کردەوە بوونی خۆیان سەڵماندووە بە ئاگری خەڵکە ساختەکارەکە دەسوتێندرێن. بەڵام ئایا، بڕینی یارمەتی هەر بەتەنها لەبەر ئەوەیە؟**

**لەو ولاتانەی پیادەی بازاڕی ئازاد دەکرێت، بەتایبەتی وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکان، ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گەر هەموویان نەبێت ئەوا زۆربەی هەرەزۆریان سەر بە کەرتی تایبەتن و دەبێ خۆیان بژێو و قازانج پەیدا بکەن، دیارە لەو بارەشدا لە گەلێ وڵاتدا جۆرە یارمەتیەک لە لایەن ستاتەوە دەدرێن، بەلام ئەو یارمەتییە تەنها دەستگرتنێکە و دەبێ خۆیان مشوری خۆیان بخۆن و هەوڵی قازانج بدەن. لەو وڵاتانەدا ڕۆژنامەکان وەکو کارگەیەک لە بازاڕدان و دەبێ بیر لە مانەوە و ستراتیژی مانەوە و بەرزبوونەوەی بەهای خۆیان بکەنەوە. دەبێ بیر لە جۆری بەرهەم و داواکاریەکانی بازاڕ بکەنەوە و لە ئاستی ئەو داخوازیانەدا بن. بۆیە ئەو پرۆسەیە کاری پرۆفشیۆناڵانەی دەوێ و ئەو ململانێیە ئاسان نییە، لە کاتێدا دەبێ بیر لە زۆر لایەن سەبارەت بە کۆمەڵگە و بازاڕە ڕۆژنامەگەریەکەی بکرێتەوە. هەمیشە ئەو ڕۆژنامانە دەتوانن درێژە بە تەمەنی خۆیان بدەن کە ئاستێکی باشی خوێنەریان هەیە و ئاستی فرۆشتنی ڕۆژنامەکەیان گونجاوە. ئەوەی نەتوانێ ئەو ئاستە بپارێزێت، بەناچاری دەبێ وازبهێنێت و لە بازاڕ بکشێتەوە. دیارە لەو وڵاتانە ئازادی دەربڕین هەیە و کێشە و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە ناشاردرێنەوە، ڕەخنە بە ئاشکرا و بە زمانی زبر ئاراستەی دەسەلاتداران و دەزگاکانی ستات دەکرێن.**
**ئەوەی جێبەجێکاری هەرێمی کوردستان دەیکات وەکو بڵێی دەیەوێ هێما بۆ ڕۆژنامە ئازادەکان بۆ ئەو دیاردەیە بکات و پێیان بڵێت، لە بازاری ئازاددا دەبێ خۆتان خۆتان بژێینن و ئەوە کاری ستات نییە. هەروەها دەیەوێ بانگاشەی پەیڕەوی سیستەمێکی مۆدێرن و ئازاد بکات و ئەوە جێبەجی بکات. لێرەدا بە ناچاری هەندێ پرسیار خۆیان قیتدەکەنەوە لەوانە ئایا لە کوردستاندا بازاڕی ئازاد بوونی هەیە؟ لە کوردستاندا زۆر گۆتن لەسەر بازاڕی ئازاد دەکرێ و دەگوترێت کوردستان پیادەی بازاڕی ئازاد دەکات. بەلام لە ڕاستیدا بازاڕی ئازاد لە کوردستاندا بەشێوە باوەکەی خۆی بوونی نییە. چۆن؟ یەکەم، بازاڕی ئازاد لە ئاستی بازرگانە بچوکەکاندا بەرەڵاییە نەک ئازادی، چونکە بازاڕی ئازاد بێ پرەنسیپ و سنور نییە، جگەلەوەی بازرگانە بچوکەکان لەژێر چنگی ئەوانەی سەرووترن، هەروەها خەڵک بەگشتی کەوتۆتە ژێر ویژدانی ئەو نرخ و کاڵایەی کە بازرگانە گەورەکانی سەر بە پارت یا هاوپەیمان لەگەڵ پارت سەپاندوویانە. لە ئاستی بازرگانە**

مامناوەندی و گەورەکاندا ئازادی بوونی نییە و گەمارۆی پارتی دەسەڵاتداری لەسەرە و لە لایەن ئەوان پاوان کراوە. بازرگان دەبێ لەگەڵ ئەوان ڕێککەوێت و لەگەڵ ئەوان هاوبەشی پەسند بکات (خاوە بداتە ئەوان) ئەگەرنا ڕیگا و مۆڵەتی کارکردنی نادرێتێ. بازرگانە گەورەکان سەر بە پارتی دەسەڵاتدارن و لەبازنەی سەروودان، ئەگەر تاکوتوک هەبێ سەر بە دەسەڵات نەبن، دەبێ مەرجەکانی پارتی دەسەلاتدار پەسند بکەن، ئەگەرنا ناتوانن کار لەوێدا بکەن. بەکورتی بازاڕی ئازاد بوونی نییە و پارتی دەسەڵاتدار مۆنۆپۆلی بازاڕی کردووە و هەلسوکەوت و کردەوەکانی لە هەڵسوکەوتی مافیا دەچێت. بۆیە کە ئەوان هێمای دیاردەی بازاڕی ئازاد بۆ ڕۆژنامەکان دەکەن هێما بۆ دیاردەیەک دەکەن کە بوونی نییە و خۆیان ڕێگا بە بوونی دەگرن.

لەو وڵاتانەی پێشکەوتوو کە پیادەی بازاڕی ئازاد دەکەن، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆربەیان سەربەخۆن و سەر بە پارت و دەسەڵات نین. لە هەندێ باردا کەناڵێک یا دوو کەناڵی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی سەر بە ستات هەن، ئەویش بێلایەنە و دەبێ پرۆفیشنالانە بێلایەنی خۆی بپارێزێت، تەنها لە لایەن ستاتەوە وەکو کارگەیەک سەرپەرشتی دەکرێت، بۆیە دەکرێ داهاتی بۆ ستات هەبێت. پێویستە بزانین، لەو وڵاتانەدا ستات دەزگایەکە بێلایەن لە بیروباوەرە جیاجیاکان و دەبێ ئەوە بۆ کۆمەڵگە بسەلمێنێت. ئەگەر ڕۆژنامەیەک سەر بە پارتێک یا ڕێکخراوێک بێت، ئەوە کێشەی ستات نییە بیژیێنێت، بەڵام وەکو هەر ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ دەکری لە چوارچێوەی قانونی دیاریکراودا یارمەتیەکی سەرەتایی پێبدرێت.

بەڵام ئایا لە کوردستاندا ئەوهایە؟ وەکو بازرگانیەکە، ڕاگەیاندن لە لایەن پارتی دەسەلاتدارەوە پاوان کراوە و زۆرترین خەرجی لە کاسەی ستاتەوە بۆ میدیای جۆراوجۆری پارتی دەسەڵاتدار دەچێت. پارتی دەسەڵاتدار کە خەرجی ستاتی لە ژێر چنگدایە خەرجی چەند کەناڵی تەلەڤزیۆنی، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار، چەندین دەزگای دیکەی ڕاگەیاندن دەکات. ئەو کانالانە هەمووی بۆ بەرژەوەندی پارتی دەسەلاتدار کار دەکەن و پرۆپاگەندە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەو دەکەن. ئەوەی کە لە کوردستاندا روو دەدات لە هیچ وڵاتێکی ئازاد و دیموکراسیدا وێنەی نییە، بەلکو تەنها لە وڵاتە دیکتاتۆر و ئاوتۆریتارەکاندا وێنەی هەیە. لە باشوری کوردستاندا کە 16 ساڵە لە ژێر چنگی ی.ن.ک و پ.د.ک دایە تا ئێستا نەتوانراوە کەناڵێکی نیشتیمانی بێلایەن دابمەزرێندرێت و هی خەڵک بێت نەک پارتی دەسەڵاتدار. ئەوەی جێگای جەختلەسەرکردنەوەیە ئەوەیە، ئەو پارەیەی کە لە راگەیاندنەکانی پارتی دەسەلاتدار چەندین ساڵە خەرج دەکرێت، هەمووی دەچێتەژێر چەمکی خراپبەکارهێنانی دارایی ستات، کە دەکرێ وەکو دزیی لە ستات و داهاتی گەل سەیری بکرێت.

دیارە ئەگەر خوانەخواستە جێبەجێکاری (حکومەت) کوردستان بڵێ چیتر یارمەتی ڕاگەیاندنەکانی پارت نادەین، ئەوان پەکیان ناکەوێت، چونکە خاوەنەکانیان کە داهاتی نەتەوەیی کوردستانیان لەژێر دەستدایە ئێستا ملیاردێرن و لە جیاتی یەک ڕۆژنامە دەیان رۆژنامەیان پێ بەڕێوە دەچێت، لە جیاتی یەک کەناڵی تەلەڤزیۆنی چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنیان پێ بەڕێوە دەچێت. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەوان بڕیاریان داوە یارمەتی ڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ببڕن دەبێ وابکەن. ئەوان ئێستا هەمووی دەوڵەمەندن و توانای بەڕیوەبردنی هەموو کەنالەکانی خۆیان بەبێ چیتر خراپبەکارهێنانی کاسەی ستات هەیە. بەڵام بۆ وا ناکەن؟! ئایا ئەوان مەبەستیان بازاڕی ئازاد و مەرجەکانیەتی یا مەبەستێکی تریان هەیە؟ مەرجەکانی بازاڕی ئازاد لە کوردستاندا لە ئارادا نییە و بۆیە ئەوە بیانووە و مەبەستی تری واپێدەچێ هەیە.

بەپێی ئەوەی لە باشوری کوردستاندا سەبارەت بە ئازادی گوتن روودەدات و دەبیندرێن وەکو قانونی تەسک و سنوردار سەبارەت بە نووسین و گوتن، گەمارۆ ناراستەوخۆکان، چاوسوورکردنەوە، هەرەشە و ئازاردانەکان، کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لە نێوان ی.ن.ک و پ.د.ک و دوانی نەرێنی بەرپرسەکان لەسەر نووسەرە ڕەخنەگر و سەرکێشەکان، ئاماژە بە دیاردەیەکی بەردەوامی مەترسیدار بۆ سەر ئازادی دەربڕین دەکەن. بڕینی یارمەتی لەسەر هەندێ ڕۆژنامەی سەربەخۆ، دەبێتەهۆی واپێدەچێ داخستنی ئەو رۆژنامانە، بەمجۆرە نەمانی ئەو کەناڵە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جودا لەوەی لە کەناڵەکانی پارتدا دەردەچن، واتە داخستنی ئەو پەنجەرە جودا و سەربەخۆیە کە تاڕادەیەک توانیویەتی ئازادانە و بێ وابەستەیی بە دەسەلات و بەرژەوەندیەکانی دەنگی لەنێو کۆمەڵگەدا کەم یا زۆر هەبێت. بۆیە ئەو هەنگاوە دەکرێ وەکو هەوڵ و میتۆدێکی دیکە بۆ تەسککردنەوەی گوتنی ئازاد ببیندرێت. بەمجۆرە پارتی دەسەڵاتدار دەیەوێ تەنها کەناڵەکانی

ڕاگەیاندنی خۆی لە گۆڕەپاندا هەبن و زانیاری و هەواڵ و ڕووداوەکان تەنها ئەوانە بن کە لە بەرژەوەندی تایبەتی ئەواندان.

واپێدەچێ پارتی دەسەڵاتدار پێیوابێ، چۆن دەکرێ ڕۆژنامەکان یارمەتی لە مینستەری ڕۆشنبیری یا دەزگای پەیوەستداری سەربە دەسەڵاتی جێبەجێکار وەگرن، کەچی ڕەخنە لە دەسەلات و کار و کردەوەکانی ئەو بگرن؟ لێرەدا پارتی دەسەڵاتدار سامانی نەتەوە و داهاتی گەل بەهی خۆی دادەنێت و پێیوایە ئەو وەکو یارمەتی و بەزەیی دەیداتە ئەو ڕۆژنامانە. لە ڕاستیدا ئەوە تێگەیشتنێکی چەوتە، پارتی دەسەڵاتدار بە هیچ جۆرێک مافی ئەوەی نییە، دەست تێکەڵی داهاتی نەتەوەیی و سامانی گەل بکات. هەروەها ستات و داهاتی ستات بە هیچ شێوەیەک نابێ بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی پارتی دەسەلاتدار بڕوات و ئەویش بە ئارەزووی خۆی دابەشی بکات. ئەو پارە و یارمەتیەی دەدرێتە ڕۆژنامە یا هەر بوارێکی دیکەی راگەیاندنی سەربەخۆ، هونەری یا هی دیکە، ئەوە پارەی پارتی دەسەلاتدار نییە و هی سەرۆکەکەی نییە، بەڵکو سامانی گەلە. کە ئەو پارەیەش بۆ پرۆژەیەک یا کارێک خەرج دەکرێت ئەوە ئەرکی سەرشانی دەسەلاتی جێبەجێکردنە، نەک پیاوەتی دەسەلات یا فلانە بەرپرس.

لە کاتێکدا کوردستان بە سەردەمێکی هەستیار و گرنگدا تێدەپەڕێت، لە کاتێکدا گەلی کورد خەریکە بەرەو دروستکردنی ناسنامە و کەسایەتی تایبەت بەخۆی هەنگاو دەنێت، لە کاتێکدا کە دەزگاکانی سەر بە پارتی دەسەلاتدار لە ئاستی ئەو ئەرکەدا لاواز و هەژارن، گەلی کوردستان زۆر پێویستی بە دەنگی جیاواز و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە. پێویستی بە ڕەخنەی سادە و ناسادە هەیە، پێویستی بە دیدی جودا و لێکدانەوەی جودا هەیە. هەرگیز ناتواندرێ فاکت و ڕاستیەکان دەربخرێن ئەگەر ئازادی دەربڕین نەبێت و لە چەندین گۆشەنیگاوە سەیری بابەت و دیاردەکان نەکرێن.

یارمەتی و کۆمەکی ئەو ڕۆژنامانەی بە کردەوە بوونی خۆیان سەڵماندووە، گرنگی تایبەت بەخۆیان لە بوونیان لە ناو کۆمەڵگەدا دروست کردووە، پێداویستیەکی مێژوویی و گرنگە. ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتی باشوری کوردستانە بوونی ئەو ڕۆژنامە سەربەخۆیانە کە خۆنەویستانە هاتوونەتە گۆڕەپان، بپارێزێت و کۆمەکیان بکات، بە پێچەوانەی ئەوە هەر هەنگاوێک بۆ نەهێشتنی ئەو پێویستییە گرنگەی سەردەم، وەکو داخستنی پەنجەرەی ئازادی دەربڕین سەیری دەکرێت.